# چەواشەکەر

## خوێندنەوەیەکی سەرپێی بۆ پەیوەندی فاروق رەفیق و لیو شتراوس

**سەردار عەزیز**

لە هەفتەنامەی هاولاتی ژمارە 299 دا "فەیلەسوفی" کورد فاروق رەفیق وتارێکی لە ژێر ناونیشانی؛ لەو پڵنگە بریندارە سڵ بکەنەوە، نوسیووە. لە وتارەکەیدا کە تەنها بەشی یەکەمی بوو فاروق رەخنە و نارەزایی خۆی دەربارەی ئیدارەی بۆش و شەری عێراق یان وەک ئەو ناوی دەنێت داگیرکردنی عیراق، بۆ خوێنەران روون ئەکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمریکا و ئیدارەی بۆش و پارەێزەرە نوێکان بە ساتەوەختێکی هەستیاردا تێپەر ئەبن. شەری عێراق یەکێک بوو لە گەورەترین کێشەکانی هەڵبژاردن کۆنگریس و مامەڵەی سەرنەکەوتوانەی بۆش وەهای لە کۆماریەکانکرد کە زۆر لە کورسیەکانیان لە دەستدەن. دیارە بواری رەخنە زۆرە بۆ دیدی فاروق بۆ شەر و هەڵوێستی ئەو لە سەر ئەو مەسەلانە، بەلام من ناتوانم رەخنە ئاراستەی ئەو دیدەبکەم هەتا نووسینەکەی فاروق تەواو نەبێت. شەری عێراق شەرێکە کە هەڵوێست و ئایدەلۆژیای هەموو کەسێکی بە روون و ئاشکرا تیا دەرئەکەوێ. بۆیە قسەکردن لەسەر شەری عێراق هەردەم پێویستی بە تێروانینێکی چەند رەهەندیانە هەیە.

ئەوەی من لەم نوسینەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم رەهەندێکی ژێرخانی فیکری فاروقە. فاروق لە ووتارەکەیا رەخنە لە پارێزەرەنوێکان ئەگرێت و لە هەمان کاتدا پاکانە بۆ باوکی فیکری ئەوان ئەکات کە لیو شتراوسە. جیاکردنەوەی شتراوس لە نیوکۆنزێرڤەتڤەکان کارێکی بێ مەبەست نیە. چونکە بە پێی چەندەها لێکۆڵەرەو فەیلەسوف و سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووس؛ نیوکۆنەکان پیادەکەری راستەقینەی بیری لیو شتراوسن. پێش جەنگی عێراق شتراوس پیاوێکی نەناسراوبوو بەتایبەت لە ناوەندەکانی میدیادا. شتراوس و شتراوسیەکان خۆیان بە سروشت خەڵکانێکی دوورە پەرێزن لە ناوەندە گشتیەکانەوە لە بەر چەند هۆیەکی ئاشکرا کە پاشان زیاتر قسەی لەسەر ئەکەین. بەلام ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە، شتراوس و شتراوسیەکان زیاتر لە کەڵت ئەچن، کە نهێنی و دوورەپەرێزی و خۆبەجوداگرتن لە سیفەتەکانیانە.

لای فاروق گەرانەوەی نیوکۆن بۆ شتراوس، 'زوڵم و ئیجحافە بە هەقی ئەو فەیلەسوفەو لە لایەکی ترەوە جەهلی تەواوە بەرانبەر سروشتی کۆنزێرڤەتڤە نوێکان و هەوڵی فەلسەفی ئەو فەیلەسوفە'. فاروق وەک کاری هەمیشەی رای ئەوانی تر و بەڵکو خەڵکێک ئەگەر بیرورایەکی جودا لە بیروارای ئەویان هەبێ بە سوک تەماشا ئەکات. ئەو دەڵێت: 'سەرچاوەی ئەم بە هەڵە لێتێگەشتنە چەند رۆژنامەنوسێکن کە نە شارەزای فەلسەفەن و نە شتراوس دەناسن". بەلام لە هەمانکاتدا ئەوانەی کە لە گەڵ بیرورای فاروقدا تەبان؛ 'فەیلەسوف و پرۆفیسۆرن، کە دێنە مەیدانی گفتوگۆوە بۆ راستکردنەوەی ئەم هەڵەیە". ئەم شێوازە لە بەلاغە یان ریتۆریک بە گشتی شێوازی نوسینی فاروقە کەچی لە هەمانکاتدا گەزافی فەلسەفە لێئەدات. ئێمە لێرەدا بۆ خوێنەری کوردی ئەسەلمێنین کە ئەوانەی رەخنەیان لە شتراوس گرتوە وە بە باوکی رۆحی نیوکۆنی دائەنێن لە هەمانکاتدا فەیلەسوف و پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆن. لە نێو ئەمانەدا لە هەمویان ناسراوتر بۆ رەخنەگرتن لە کەسێتی و فەلسەفەی شتراوس، ئەگەر شتێکی لەو بابەتە هەبێت، چونکە شتراوس،، نەک هەر فەیلەسوف نیە بەڵکو چەواشەکەرو دژ بە خەڵکی سادەو ئیرۆسێنترالیستە، ئەمانە قسەی زیاتر هەڵئەگرن، خاتو شادیە درودریە. ئەم خانمە پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکانە لە زانکۆی ریگینا لە ساسکەکەتچوان لە کەنەدا. بەبێگومان فاروق باش لەم کەسە ئاگادارە چونکە خۆی لە وولاتی کەنەدا پەنابەربووە. شادیە لە ساڵی 1997 کتێبێکی بە ناوی لیو شتراوس و راستەرەوی ئەمریکی لە شاری نیویورک لە

چاپخانەی سەینت مارتن لە چاپداوە. لە هەمانکاتدا کاری تر لەمبارەیەوە لەلایەن رۆبیرت پیپن ئەنجامدراوە کە پرۆفیسۆری فەلسەفەیە لە زانکۆی کالیفۆرنیا- ساندیاگۆ. قسەکردن لە سەر شتراوس ئاسان نیە. ئەم گرانیە لە چەند روویەکەوەیە. یەکەم: نوسینەکانی شتراوس بە زمانە رۆژهەڵاتیەکان نین، بۆیە خوێنەری کورد جگە لە ناوو هەندێ ووشەی کەم نەبێت، کە بە تایبەت لە نووسینەکانی بەرێز کاک فاروقەوە، هیچی تری دەربارەی ئەم کەسە نەبیستوە. لەبەرئەوە هەر قسەکردنێک لەسەر بیروورای ئەم پیاوە، لە توانای خوێنەری کورددا (بەلای کەمەوە زۆرینەی) نابێ تابچێتەوە سەر دەقەنووسراوەکە. دوو خودی شتراوس وەک باسمانکرد کەسێکی ناسراو نیە تەنانەت لە ناوەندە فەلسەفیەکانی رۆژئاواشدا. سێ شتراوس و شتراوسیەکان لە بەر خۆبەزلزانین لە لایەک و شەرمکردن لە درکاندنی راستی بیروورایان لە لایەکی ترەوە هەمیشە پەناگیربوون. چوار دەقی شتراوسی بە دوو چەمکی ئیزۆتیک و ئیکسۆتریک ناسراون. مەبەست ئیسۆتریک ئەو مانایەیە کە لە خوێندنەوەیەکی گشتی و هاکەزایدا خۆی بەدەستەوە ئەدات، بەلای شتراوسەوە ئەمە خوێندنەوەی خەڵکی سادەیە. لە لایەکی ترەوە ئیزۆتیک مانای شاراوە یان حەشاردراوی ناو دەقە. بەتایبەت لەناوەندی دەقدایە. ئەم کێشەیە بەتایبەت لەلای فارابیەوە قسەی لەسەرکراوە. کە بەلای شتراوس و شتراوسیەکانەوە تەنها دەستەیەکی سەردەستەی باڵا، کە خودی کاک فاروق خۆی بە یەکێک لەو پاڵەوانانە لە قەڵەم ئەدات، دەتوانێ ئەو مانا پەنهانە ئاشکرابکات.

بۆیە ئاسان نیە بزانرێت کاتێک شتراوس باس لە میکیاڤیللی و هۆبز و سپینۆزاو نیتچە و ئەوانی تر ئەکات، لە کوێدا بیرورای خۆی ئاخنیوەتە ناو بیروورایانەوە، یان بە مانایەکی تر قسەی خۆی خستوەتە سەر زاری ئەوان. ئەوەی راستیە کە خوێندنەوەی شتراوس بۆ هەموو دەقەکان کە کاری لە سەرکردوە جودایە لە خوێندنەوەکانی تر. بۆیە بەلای فاروقەوە "هیچ بیریارێک نەیتوانیوە ئەو خوێندنەوە رەخنە قوڵەی هەبێت". ئەم شێوازە زیاتر لە دەقە کلاسیکیەکاندا باوە کاتێک ئەفلاتۆن لە زمانی سۆکراتەوە ئەنووسێ.  لە لایەکی ترەوە بۆ ناسینی شەپۆلی فیکری ئەم بە ناو فەیلەسوفە پێویستە بایوگرافیای ئەم بەشەرە بزانین. بە تایبەت رەوتی فیکری ئەم کەسە. چۆن لە سەرەتادا لە فەیلەسوفی نازی کارل شمتەوە نزیک بووە، جێی باسە شمیت ئەوەندە لە ناوەندی ئەنگلۆساکسۆندا ناسراونیە، بەڵام بەگشتی فەیلەسوفێکی سەر بە ئاینی کاتۆلیکە. دونیا لای ئەو دابەش ئەکرێت بۆ دۆست و دوژمن، وەک دونیای سەرۆک بۆش، شمیت و بیرورا بۆگەنەکانی قسەی زیاتر هەڵئەگرن، بەڵام من کاتم نیە بەم بەشەرەوەی بە فیرۆدەم، هەرچەندە لەم دوایەنەدا بۆ زانکۆ هەندێ کارم لە سەر کرد.

دیارە لە میانەی جەنگی جیهانی دووەمدا کاتێک نازیەکان تەنگیان بە بیریارە ئەڵمانیەکان هەڵچنی برێکی زۆریان بەرەو ئەمریکا هەڵاتن. بە داخەوە لە گەڵ خۆیاندا بیری بۆگەن و نامرۆڤانەی ئەڵمانیان بۆ زانکۆکانی ئەمریکا گواستەوە، بە رادەیەک لە زۆربەی بوارەکاندا بیری کۆنزێرڤەتیڤ- ئەو بیرەی بەرێز کاک فاروق شانازی پێوەئەکات-ی ئەمریکی بیری ئەڵمانی بەسەریدا زاڵ بوو؛ بۆ نموونە لە بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا تیورەکانی مۆرگینتاو لە بواری فەلسەفەو سیاسەتدا بیری دژە مرۆڤانەی شتراوس و بلوم- پاشان دێمە سەر ئالان بلوم و رەگەزپەرستیەکەی، کە بە داخەوە ئەویش لە خانەی فەیلەسوفە بلیمەتەکانی فەیلەسوف فاروقە، لە بواری ئابوریدا تیورەکانی فریدریک هایاک وقوتابخانەی شیکاگۆ، یەکێکی تر لەوانەی کە بە خشپەی ژەهری فیکری رەگەزپەرستی ئەڵمانیان رژانە نێو بیری ئەمریکیەوە خاتوو هانا ئارندێت بوو، لە رێی عیشقە منالانەکەی لە گەڵ فەیلەسوفێکی تری نازیەکان مارتن هایدگەر.

بابگەڕینەوە سەر شتراوس، نامەی دوکتۆراکەی شتراوس لە ساڵی بیست و یەک لە سەر دەستی ئارنست کاسێربوو. شتراوس پاش ئەمە کاری لە سەر ئیدمۆند هۆسریل و مارتن هایدگەر کردوە. وەک زۆر لەوانەی لە سەر شتراوسیان نوسیوە دەڵێن شتراوس سەرتاپا ژیانی لە ژێرکاریگەری مارتن هایدگەردابووە. بە هاتنی نازیەکان شتراوس شەرمەزار دەبێت چی دی کار لەسەر فەلسەفەی ئەڵمانی بکات، هەرچەندە پیتەر لیڤین، لە کتێبی نیتچەو قەیرانە نوێکانی هیمانیزم، بروای وایە ئەگەر بێتو شتراوسیانە دەقەکانی شتراوس بخوێنینەوە ئەوا شتراوس تا سەر ئێسقان نیتچەویە، نەک هەر ئەوە بەڵکو کەسێکی نهیلستە. ئەو چەمکەی کە فاروق لێی ئەترسێت. بۆیە بۆ دەربرینێ فیکری ئیلیت-ی پەنائەباتە بەر ئەفلاتۆن.

شتراوس بەگشتی وەک ئەندامێکی رێکخراوی تالیبان 'فەیلەسوفێکی' دژ بە مۆدێرنەیە. لە بەرامبەر ئەمەدا ئەو زیاتر وەک فەیلەسوفێکی سروشت ناسراوە. بروای ئەم بۆ کۆمەڵگا وەهایە کە دەبێ وەک سروشت رێکبخرێت. زۆرینەی خەڵکی رەش و رووت لەلایەن کەمینەیەکی زانا و فەیلەسوفەوە بەرێوە ببرێن. ئەوەی سەیرە فاروق زیاتر لە چەند جارێک ئەم بیروڕایەی دەربریوە وە لە زۆر نووسینەکانیدا دوپاتی ئەکاتەوە، کەسێک کە بەسوک لە زۆرینەی خەڵکی دەروانێ، وایان تەماشائەکات کە تواناییاندا نیە کاروباری خۆیان بەرێوەبەرن، ئەگەر بێتو ئازادیان بدرێتێ ئەوا بەرئەبنە گیانی یەکتری،(مۆک) بۆیە پێویستە بەرێوە ببرێن، هەڵبخەڵەتێنرێن، چەواشە بکرێن، راستییان لێ حەشار بدرێت، کەچی هێشتا خوێنەری هەیە. لێرەدا حەزئەکەم بە پەلە ناوی پیاوێکی مەزن بێنم. ئەم پیاوە کە پاشان لە نوسینی تردا دەگەڕێمەوە سەری، پرۆفیسۆر موحەمەد یونسە. موحەمەد خاوەنی بانکی گرامەینە، کە بە زمانی بەنگلادیشی یانی لادێ. ئەم پیاوە ئەم ساڵ خەلاتی نۆبڵی ئاشتی پێبەخشرا لەبەرئەوەی لەرێی بانکەکەیەوە بە ملیونەها ژنی هەژاری لە هەژاری رزگارکردوە. ئەم پیاوە سەلماندی کە هەژاران بە هەمان ئەندازەی شارەزایان ئەتوانن مرۆڤانە بژین و کاروباری خۆیان بەرێوەبەرن ئەگەر کۆمەڵگا وەک مرۆڤ هەڵسوکەوتیان لەگەڵا بکات، نەک بە شێوەی ئەپارتاید کە کاک فاروق هاوبیرەکانی پروپاگەندەی بۆئەکەن. شتراوس بێ دین بوو بەڵام بروای وابوو کە دین پێویستە بۆ فریودان و هەڵخەڵەتانی خەڵکی سادە، ئایا موسوڵمانیەکەی فاروقیش دەچێتە خانەی ئەم جۆرە بیروڕایەوە.

فاروق دەیەوێ پێمان بڵێ کە شتراوس لیبراڵە، بەلای شادیە دروریەوە ئەمە مایەی پێکەنینە. کەسێک کە ژێر کاریگەری ئەفلاتۆن و نیتچەدابێت بە چ جۆرێک لیبراڵە. بەڵام رەنگە شتراوس بەکاری بێنێت وەک درۆیەکی پیرۆز.

چیرۆکی دۆری پیرۆز، لە هەناوی بیری شتراوس و شتراوسیەکاندایە. لە کتێبی پێنجی کۆماری ئەفلاتۆندا، ئەفلاتۆن باس لەم چەمکە ئەکات بەڵام بە شێواز و مەبەستێکی جودا. بەلای ئەفلاتۆنەوە درۆی پیرۆز شێوازێکە بۆ دەربرین و لێکدانەوەی بیروڕایەک. بەڵام شتراوس لە میانەی بە خراپ خوێندنەوەی دا مانایەکی تر ئەبەخشێتە چەمکی درۆی پیرۆز. لای شتراوس درۆی پیرۆز ئەو درۆیە کە دەسەڵات دار پێویستە بیکات بۆ هەڵخەڵەتان و چەواشەکردنی جەماوەر. چونکە وەک نیتچە دەڵێت ئەوان توانای ئەوەیان نیە بەرگەی راستی تەواو یان حەقیقەت بگرن.

ناوەندی فیکری و ئەدەبیاتی سیاسی کوردی پێویستی بە زۆر چەمک و فەلسەفەیە بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو پێویستیەدا بەهیچ جۆری پێویستی بە شتراوس و کەسی شتراوسی نیە. دەسەڵاتی شتراوسیانە دەسەڵاتێکە بە هیچ جۆرێک لە دەسەڵاتی بەعس باشتر نابێت. فاروق وەک مارکس دەڵێ هیگڵ بە لنگاوقوچی لە دونیا تێگەشتبوو، ئەویش بە لنگاوقوچی لە شتراوس تێگەشتوە. فاروق دژ بە چەمکی (دەسەڵات حەقیقەتە) وە دەیەوێ پێمان بڵێت کە شتراوس دژی ئەم هاوکێشەیەیە. بەڵام لە کتێبی شارو پیاو لە لاپەرەی 74،75،83،83،97،100،111، لە کاتێکدا کە زۆربەی خوێنەرانی

فەلسەفە بروایان وایە کە سۆکراتی لە بری ئەفلاتۆن قسەئەکات. کەچی شتراوس دەڵێ نا ئەو سراسیماخۆسە کە قسەکەری ئەفلاتۆنە، ئەگەر وەهابێت ئەوا شتراوس هەمان رای سراسیماخۆسی هەیە کە دەڵی دەسەڵاتداران دارێژەری یاسان و یاسا لە بەرژەوەندی خۆیان دائەرێژن.
یەکێکی تر لەوانەی کە فاروق بە پاشخانی فیکری خۆی لەقەڵەم ئەدات ئالان بلومە. بلوم بە کتێبی عەقڵی داخراوی ئەمریکی ناسراوە. بلوم وەک کاک فاروق قوتابی شتراوسە. ئەمان بروایان وەهایە کە ژیان و سیاسەت لە سەردەستی لیبراڵەکان بوەتە رابواردن. من نامەوێ ئەوەندە لە سەر بلوم بوەستم بۆیە تەنها لە روانگەی کەسێکەوە تێی ئەروانم کە بەلای فاروقەوە نموونەی ویژدانی زیندوە (بوو) ئەویش کەسی ئیدوارد سەعیدە. سەعید لە کتێبی هیومانیزم و رەخنەی دیموکراسیانە لە لاپەرەی 17تا 20 قسە لەسەر ئالان بلوم ئەکات. بەلای سەعیدەوە هەموو بۆڵە بۆڵی بلوم لەبەر ئەوەیە کە ئەو نارازیە کە دەقێک لە دەرەوەی ئەوروپا یان رۆژئاوا ببێتە بابەتی خوێندن لە زانکۆکاندا. پێویستە دەستەیەکی هەڵبژێردرەوای کەم بە خوێندنەوەیەکی لە سەرخۆ بە دەقە کلاسیکیەکاندا برۆنەوە هەتا بەها و چەمک و مانا بۆ زۆرینەی خەڵک دارێژن.
سەیرە کە فاروق لە هەمانکاتدا سەعید و بلوم و شتراوس بە ژێرخانی فیکری خۆی دائەنێت. کە بەلای منەوە نیشانەی نەبوونی کۆهیرێنسە، تەبایی، لە فیکری ئەم زاتەدا. ئەو لە هەمانکاتدا بروای بە موحەمەدیشە و بە موسەیلەمەیش. بۆ تێگەشتن لە فاروق پێویستە بایوگرافیا و گۆرانە فیکریەکانی ئەم کەسە زیاتر قسەی لەسەر بکرێت. بۆچی بەدوای نامرۆڤانەترین بیردا ئەگەرێ لە کاتێکدا دەیەوێ بە خوێنەری کوردی بەستەزمان بە رواڵەتی ئەوپەری مرۆڤانە بیفرۆشێ. کە سەید قوتب چوو بۆ ئەمریکا لە ئەنجامدا بووبە موسوڵمانێکی توندرەو قوتب لە ئەمریکا ژیانی پڕ لە ئازار و تەنیایی بوو. کاتێک قاسم ئەمین چوو بۆ فەرەنسا کچێ فەرەنسی دۆستی بوو، کە گەرایەوە بۆ میسر یەکەمین کتێبی دەربارەی مافی ئافرەت نووسی. ئەرێ فاروق لە کوێدایە؟ دوا شت دەمەوێ بیڵێم یەک دوو قسەی خێرایە لە سەر فۆکۆیاما کە بەبێ گومان شتراوسیە، فاروق بەهانەی بۆ ئەهێنێتەوە کە گوایە پاشەکشەی کردوە لە پاڵپشتکردنی شەری عێراق. فۆکۆیاما لە سەردەمی کلینتۆنەوە لەگەڵ ئەوانی تردابوو کە ئیمزای بۆ شەرکرد. شرێک کە بەلای منەوە، بەهەر ئامانجێک کرابێت دەرئەنجامێکی مرۆڤانەی هەبوو. فۆکویاما لە کتێبی کۆتایی مێژوودا خەمبارانە گۆرانی بۆ سەردەمی شەر دەچرێ. ئەو لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێت بە نەمانی شەر مێژوو دەوەستێ بە وەستانی مێژوو فەلسەفەو هونەر کۆتایی دێت بۆیە مرۆڤ لە ئەنجامدا ئەگەرێتەوە بۆ سەردەمی مێژوو یان شەر وەک دۆخی سروشتی مرۆڤایەتی دۆخی شەربێت.